**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٦٩٧٤ لە ٢٠٢١/٦/١٤**

پاڵپشت بە ماددەی (حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی تایبەت بە هاوردەکردنی**

**شیری وشک بە هەموو جۆرەکانیەوە (گەوران، منداڵان، پزیشکی، شیری کارگە) ، خواردنەوەی وزە بەخش ، ڕۆن و زەیتی خۆراکی ، خواردنەوە کهولیەکان ، مەوادی سەرەتایی یان هەر بابەتێکی تری خۆراک)**

**بەشی یەکەم:**-ڕێنمایی پێدانی نووسراوی ڕێگەپێدان بۆ بەرهەمی خۆراکی (١-شیری ووشك، ٢-خواردنەوەی ووزە بەخش، ٣- ڕۆن وزەیتی خۆراکی ، ٤- خواردنەوە کهولیەکان، ٥- مەوادی سەرەتایی).

**یەکەم:**- لایەنی دەسەڵاتداری ڕێگەپێدراو بۆ پێدانی نوسراوی هاوردن بۆ بەرهەمی خۆراکی و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی:-

وەزارەتی تەندروستی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی- بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی خۆراک – بەشی چاودێری خۆراك ، دەبێت بەپێی ڕێنماییەکان و یاسا بەرکارەکان تەنها وەزیری تەندروستی دەسەڵاتدار دەبێت (بەدەر لە ڕێنمایی) لە بەر بەرژەوەندی گشتی.

**دووەم:**- مەبەست لەڕێکخستنی پرۆسەی نووسراوی ڕێگەپێدان بۆبەرهەمی خۆراکی:

١- پارێزگاری کردن لە تەندروستی هاوڵاتیان بە ڕێگەپێدان بۆ خواردن و خواردنەوەی تەندروست.

٢- بەدەستهێنانی داتا و زانیاری تایبەت بەکار وچالاکیەکانی بازرگانەکان ، کۆمپانیاکان و کارگەکانی دروستکردن و هاوردەکردنی خواردن و خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان و دەرەوە.

٣- ئاسانکردنی بەدواداچوون وهەڵسەنگاندنی ئیش و کارەکانیان.

٤- وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر بازرگانەکان ، کۆمپانیاکان و کارگەکانی دروستکردن و هاوردنی خواردن و خواردنەوە لە کاتی سەرپێچی .

**بەشی دووەم:**- جێبەجێکردنی مەرج وپێداویستیەکانی پێش وەختە بۆ وەرگرتنی نووسراوی ڕێگەپێدان بۆ خواردن وخواردنەوە و وەرگرتنی بەڵگەنامەی پێویست بە مەبەستی تۆمارکردنی ( کۆمپانیا، گارگە و بازرگان وە پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

١- بازرگان/کۆمپانیا وە کارگەکانی ناوخۆ پێویستە نوسراوی پشتگیری تۆمارکردن (کۆمپانیا، بازرگان، کارگە) لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار ساڵانە بهێنێت بەم شێوەیەی خوارەوە :-

أ. بازرگان پێویستە پشتگیری تۆمارکردن لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ وەزارەتی تەندروستی بهێنێت.
ب. کۆمپانیا پێویستە پشتگیری تۆمارکردن لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بۆ وەزارەتی تەندروستی بهێنێت.
٢- پێویستە بازرگان ،کۆمپانیا وە کارگەکانی ناوخۆی هەرێم وعێراق سالآنە مۆڵەتی تەندروستی (کۆگا/کارگە) بهێنن لە بەرێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی ئەو پارێزگایە بە شێوەی ڕەسەن یان کۆپی پەسەندکراو بۆ دڵنیابوون لە مەزەندەکردنی بڕ و جۆری ئەو ماددانەی کە هاوردەی دەکات هەروەها دڵنیابوون لە کۆگاکردنی ماددەی هاوردەکراو بە شێوەیەکی تەندروست.
٣-بەڵگەنامەی فرۆشتنی بەرهەم لە وڵاتی سەرچاوە (Free Sale).
أ. پێویستە بازرگانەکان و کۆمپانیاکان بەڵگەنامەی ڕەسەنی فرۆشتنی بەرهەم لە وڵاتی سەرچاوە (Free sale) بهێنن وپشت راست بکرێتەوە لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی بەرهەمهێن یان وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی یان ژووری بازرگانی بۆ بەرهەمەکان جگە لە مەوادی سەرەتایی.
ب. بۆ ئەو بریکارانە کە ناو و هێمای بازرگانیان سەر بە عێراقە پێویست بە بەڵگەنامەی (FreeSale) ناکات.
ج. پێویست بە بەڵگەنامەی (Free Sale) ناکات ئەگەر هاتوو ئەو بەرهەمە نەفرۆشرا لە وڵاتی سەرچاوە ، لەم کاتەدا پێویستە بازرگان پشتگیری لەکۆمپانیای بەرهەمهێن پێشکەش بکات کەبیسەلمێنی ئەم هێما وناوی بازرگانیە تایبەتەبە بریکاری هەرێمی کوردستان و عێراق وپشت ڕاستکرابێتەوە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی یان وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی سەرچاوە وەپێویستە لەسەر لێبڵی بەرهەمەکە ئاماژە بەوە کرابێت کە ئەم بەرهەمە لەلایەن کارگەی بەرهەمهێنەر بۆ (کۆمپانیا/بازرگان) هاوردەکار دروستکراوە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لە ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێن تەنها پێویستە تۆماری ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم یان عێراق لەبەرێوەبەرایەتی تۆماری هێماکان بهێنێت.
د. کارگەکانی بەرهەمهێنانی (شیری ووشك، خواردنەوەی ووزە بەخش، زەیت و ڕۆنی خۆراکی و خواردنەوەی کحولی) پێویستە یەکێك لەم بڕوانامانەیان هەبێت: بڕوانامەی (IFS, BRC, ISO22000, HACP, FFSC22000 ) یان هاوتاکانی یان مۆڵەتی تەندروستی کارگەی ئەو وڵاتەوەپشت ڕاستکردنەوەی لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی سەرچاوە وە لایەنی پێدانی بڕوانامەکە یان لە ڕێگەی سایتی(پێگەی) ئەلیکترۆنی .
ه. لەکاتی لەکیس کردن و لە قوتوکردن پێویستە ئاماژە بە سەرچاوەی ماددە سەرەتایەکانی بەرهەمەکە کرابێت هەروەها کارگەی لە کیسکردن و لە قوتوکردن و ناوی کۆمپانیا/بازرگان بۆ بەرهەمی کۆتایی.

**بەشی سێیەم:-**

پێداویستیەکانی نوسراوی ڕێگەپێدان بۆ هاوردن

١- بۆ پێدانی نوسراوی ڕێگەپێدان بە کۆمپانیاو بازرگانەکان/کارگەکان تایبەت بە خواردن و خواردنەوە دەبێت بەڵگەکان بەشێوەی ڕەسەن (ئەصلی) بە زمانی (عەرەبی یان ئینگلیزی) پێشکەش بکرێت وە پشت ڕاستکرابێتەوە بەپێی ڕێنمایی.

٢- پێشکەشکردنی داواکاری دەبێت لە سەر کلێشەی لایەنی پێشکەشکار بێت وە بە گوێرەی ئەم خشتەی خوارەوە.

| ناوی کۆمپانیای هاوردەکار | ژمارەی تۆمار | ناوی کۆمپانیای بەرهەمهێن | ناوی بەرهەم وجۆری بەرهەم | وڵاتی سەرچاوە | ژمارەی باج نەمبەر | قەبارەی بەرهەم | بەرواری بەرهەمهێنان | بەرواری بەسەرچوون | بڕ/کمیە (کگم/لیتر) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | |

٣- بەڵگەنامەی سەرچاوە (Certificate of origin) پێویستەلە لایەن ژووری بازرگانی یان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وڵاتی سەرچاوە مۆرکرابێت.

٤- دەبێت ئاماژە بە سەرچاوەی وڵاتی بەرهەمهێن بکرێت ئەگەر هاتوو بەرهەمەکە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەری نەهاتبێت ، بەڵام لە کاتی هەر گۆڕانکاریەک دەبێت ئاماژە بە وڵاتی کۆتایی بکرێت وە پشت ڕاستکرابێتەوە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی .

٥- دەبێت بەڵگەنامەی تەندروستی (HealthCertificate) لە وەزارەتی تەندروستی یان لایەنی پەیوەندیدار بە دەرکردنی بەڵگەنامەی تەندروستی (میری) دەرچووبێت و مۆری لایەنی پەیوەندیداری لەسەر بێت.

٦- ئەگەر هەر گۆڕانکاریەک بەسەر بەرهەمدا هاتبێت (لەکیس کردن و لە قوتوکردن وە هەر گۆڕانکاریەکی تر) لە وڵاتێکی تر پێویستەبەڵگەنامەی تەندروستی (HealthCertificate) بۆ بەرهەمی کۆتایی لە لایەنی وەزارەتی تەندروستی یان لایەنی پەیوەندیدار بە دەرکردنی بەڵگەنامەی تەندروستی لەوڵاتی پڕکردن دەرچووبێت.

٧- ئەگەر بەڵگەنامەی تەندروستی لە لایەنێکی تر جگە لە میری دەرچوو بێت ئەوا دەبێت نوسراوی فەرمی لەلایەنە میریەکان (فەرمیەکان) بهێندرێت کە بیسەلمێنێت کە ئەو لایەنە سەرپشککراوە بۆ دەرکردنی بەڵگەنامەی تەندروستی بۆیەك جار لەساڵێکدا.

٨- دەبێت پسولەی کڕین (Invoice) مۆرکرابێت لە لایەنی کۆمپانیای هەناردەکار.
٩- دەبێت بەڵگەنامەی شیکردنەوە (Certificate of analysis) لە تاقیگەی فەرمی وڵاتی سەرچاوە دەرچوو بێت یان لە تاقیگەیەك کە بڕوانامەی(ISO 17025)ی هەبێت.
١٠-دەبێت لیستی (Packing List) مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت.
١١-بۆ هاوردنی شیری ووشك بەڵگەنامەکانی (free of Dioxin, free o f Melamine, Free of Radiation) پێویستە لە تاقیگەی فەرمی وڵاتی سەرچاوە دەرچووبێت یان لە تاقیگەیەك کە بڕوانامەی (ISO 17025)ی هەبێت بۆ وەجبەی یەکەم وە وەزارەتی تەندروستی بۆی هەیە داوای ئەو بەڵگەیە بکات لە هەر وەجبەیەک کە پێویست بکات
١٢-بۆ هاوردنی(شیری ووشك ورۆنی ئاژەڵی)وبەرهەمەکانی سەرچاوەی ئاژەڵی تر پێویستە بڕوانامەی (Veterinary health certificate ) بهێنێت کە لەلایەنێکی فەرمی میری تایبەت بەم بوارە دەرچووبێت وە لە وڵاتی سەرچاوە بێت.
١٣- بۆ هاوردنی زەیت وڕۆنی خۆراکی کە سەرچاوەکەی ڕوەکییەپێویستە (PhytosanitaryCertificate)بهێنێت وەپێویستە لە لایەنێکی فەرمی میری تایبەت بەم بوارە دەرچووبێت وە لە وڵاتی سەرچاوەبێت.
١٤-بەڵگەنامەی ئەو ماددەیەی کە (ڕوون یان زەیت) ەکەی تێدا هەڵدەگیرێت جگە لە شووشە کە ئاماژە بکات کە شیاوە بۆ هەڵگرتنی ڕۆنی خۆراکی (food grade)،وە سەلماندنی بە شیکرنەوەی تاقیگە (test report) وە دەبێت پشتراست کرابێتەوە لە لایەنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی یان وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی سەرچاوە.
١٥-پێویستە بەڵگەنامەی شیکاری و تەندروستی ژمارەی باج (باج نەمبەر) و بەرواری بەرهەم هێنان و بەسەرچوونی لەسەربێت جگە لە بەرهەمی کهولیەکان کە بەرواری بەسەرچونیان نیە.
١٦- ئەو بەرهەمە خۆراکانەی کە لەم ڕێنمایەدا هاتون و لەڕێگای ووشکانی و ئاسمانی لە خاڵە سنوریەکانی خوارووو ناوەراستی عێراق هاوردە دەکرێن و دواتر لەڕێگای بازگەکانی هەرێم دێنەژوورەوە ، پێویستە بازرگان/کۆمپانیا/کارگە پابەند بێت بە هەمان ئەو ڕێوشوێنانە و جێبەجێکردنی هەموو ئەو ماددە و بڕگانەی کە لەم ڕێنمایەدا هاتووە.
١٧- کۆمپانیای/بازرگان بەڵێنامە بدات کە پابەندە بەیاسا وڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی.

**بەشی چوارەم:-**

پێداویستیەکانی تۆمارکردن بۆ کارگەکانی ناوخۆ کە ماددە سەرەتاییەکان هاوردە دەکەن بۆ(شیری ووشك لەکیس کردن، خواردنەوەی ووزە بەخش، ڕۆن وزەیتی خۆراکی، خواردنەوە کهولیەکان):-
١- پێشکەشکردنی داواکاری لەسەر کلێشەی کۆمپانیا بۆ/وەزارەتی تەندروستی/ ب. گشتی کاروباری تەندروستی.

٢- بڕوانامەی تەندروستی کارگەی هەبێت.

٣- هێنانی نوسراوی خەمڵاندنی پێداوستی مەوادی سەرەتایی بۆ کارگەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

٤- پێشکەش کردنی تۆماری هێما و ناوی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەهەرێم یان عێراق بۆ (شیری ووشکی منداڵان، خواردنەوەی ووزە بەخش، خواردنەوە کهولیەکان، زەیت ورۆنی خۆراکی) بۆ وەزارەتی تەندروستی.

٥- ئەگەر هاتوو بەرهەمی کۆتایی پڕ کرابووەوە یان لە کیس کرابوو لە لایەن کارگەیەکی ناوخۆ بۆ بازرگانێک یان کۆمپانیایەک کە خاوەنی ناو و هێمای بازرگانی خۆیبێت پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیڕەو بکرێت:

أ. گرێبەست لە نێوان کارگە و خاوەن ناو و هێمای بازرگانی لە دادنووس پشتڕاست بکرێتەوە .

ب. دەبێت کارگە خاوەن مۆڵەتی تەندروستی بێت بۆ ئەم مەبەستە .

ج. دەبێت ئەم کارگەیە سەردان بکرێت لە لایەن تیمی چاودێری خۆراک پێش پرۆسەی بەرهەمهێنان

د. هەردوولا بەرپرسن لە هەر کەموو کوڕیەک لە بەرهەمەکە.

ه. پێویستە ئاماژە بە ناوی کارگە و خاوەن ناو و هێما بازرگانیەکە بکرێت لە سەر لەیبڵی بەرهەمەکە.

و. نموونە لەو بەرهەمە وەردەگیرێت لە لایەن تاقیگەی ناوەندی خۆراک سەر بە وەزارەت ساڵانە پێش پێدانی نوسراوی ڕێگە پێدان .

ز. دەبێت بەڵێننامەی یاسایی وەربگیرێت لە هەردوو لا سەبارەت بە پابەندبوونیان بە یاسا وڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی .

٦- تیمی وەزارەتی تەندروستی هەڵدەستێت بە سەردان کردنی کارگەی بەرهەمهێن بە مەبەستی وردبینی کردن لە بەرهەم و ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەشیان کردووە.

٧- پێویستە خاوەن هێما و ناوی بازرگانی کۆگای هەبێت بۆ هەڵگرتنی بەرهەمەکان پێش فرۆشتنی .

٨- بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆی عێراق کە لە ڕێگەی بازگەکان دێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستان پێویستە بازرگان / کارگە ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن بە مەبەستی ڕێگە پێدان :

أ. هێنانی مۆڵەتی تەندروستی کارگە لە شوێنی دەرچوونی ساڵانە.

ب. بەڵگەی پشکنینی بەرهەم کە لە لایەنێکی فەرمی دەرچووبێت لە حکومەتی فیدراڵ.

ج. پشکنینی تاقیگەی بۆ بەرهەمی کۆتایی لە تاقیگەکانی هەرێم لە کاتی پێویست .

د. سەردانی تیمی تەندروستی هەرێم لە هەر کاتێك کە بەپێویستی زانی.

ه. پێشکەشکردنی (Invoice) بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکەی.

**ڕێنماییە گشتیەکان :**

أ. نوسراوی ڕێگەپێدانی هاوردن بۆ ماوەی (٦٠) رۆژ کاری پێ دەکرێت بە مەرجێک ژمارەی باج ، قەبارە ، وڵاتی سەرچاوە، ماوەی بەرهەمهێنان و بەسەرچوونی نەگۆڕدرێت ، وە بۆ درێژکردنەوەی ئەو نوسراوە لە کاتی نەهێنان یان مانەوەی بەشێک لە بەرهەمەکە پێویستە نوسراوێک لە خاڵە سنوریەکە یان بەڕیوەبەرایەتی تەندروستی ئەو شارە کە خاڵە سنووریەکەی تێدایە ئاماژە بکات بەپێویستی نوێکردنەوەی نوسراو .

ب. دەبیت گشت ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن ڕەسەن بن و پشت راستکرابێتەوە بەپێی ڕێنمایی.

ج. بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنی دەدەن دەبێت سەلمێندراوبێت ئەو بەڵگانە ڕەسەنن .

د. ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی مامەڵەی هاوردن و تۆمارکردن دەبێت بریکارنامەی یاسایی هەبێت .

ە. دەبێت ناوی لایەنی هاوردەکار هەبیت لە سەر بەڵگەنامەکان جگە لە بەڵگەنامەکانی ( Free Sale, Food Grade, Analysis) .

و. بەرهەمی کۆتایی پێویستە بەگوێرەی تایبەتمەندی عێراقی بێت.

ز. زانیاری سەر بەرهەمەکە (لێبڵ) پێویستە بەگوێرەی تایبەتمەندی پیوانەی عێراقی ژمارە (٢٣٠) وە برگەی تایبەت بە لیبلی ماددەکە کە ئاماژەی پێکراوە لە تایبەتمەندی عێراقی.

ح. هەر گۆڕانکاریەك لە تایبەتمەندی عێراقی بکرێت (ئەپدەیت) دەبێت بازرگان/کۆمپانیاکان و کارگەکان پابەندبن پێی.

ط. بڕیارەکانی دەستەی ڕاوێژکاری و سەلامەتی خۆراکی هەرێم و عێراق کاریان پێدەکرێت.

ي. لە کاتی پێویست وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی بەدواداچوون بۆی هەیە داوای هەر پەڵگەنامەیەک بکات بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی بەرهەم .

ك. تیمی وەزارەتی تەندروستی کە لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆر دەستنیشان دەکرێت لەسەر ئەستۆی کۆمپانیای/بازرگان هاوردەکار هەڵدەستێت بە سەردانی کردنی کارگەی بەرهەمهێن بە مەبەستی وردبینی کردن لە کارگەی بەرهەمهێن و بەڵگەنامەکانی کە پێشکەشی کردوون.

ل. وەزارەتی تەندروستی هەرکاتێك بەپێویستی زانی نموونەی ئەو بەرهەمانەی هاوردە دەکرێن یان لە ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان بەرهەمدەهێندرێن دەنێرێت بۆپشکنین لەیەکێك لە تاقیگەکانی دەرەوە لەڕووی (کیمیاوی، بایۆلۆجی) بۆ ئەو پشکنینانەی کە ناتواندرێت لە ناوخۆ ئەنجام بدرێت.وە تێچووی پشکنینەکە لە ئەستۆی خاوەن بەرهەم (بازرگان، کۆمپانیا، کارگە) دەبێت.

م.دەکرێت پشت ببەسترێت بە پشکنینی تاقیگەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیەکان ئەگەر تواناکانیان لەو ئاستە بوو کە بتوانن هەموو پشکنینەکان ئەنجام بدەن لە جیاتی بەڵگەکانی شیکردنەوە و میلامین و دایۆکسین.

ن. دەکرێت کار بکرێت بە سیستەمی ئەلیکترۆنی لە ئاییندەدا بە مەرجێک میکانیزمەکەی پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە نەبێت .

**بەشی پێنجەم:-** ڕێکاری سزایی :

١- سەرپێچیکار سزادەدرێت بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان / فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی / بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری ژمارە (٦٤٧١) لە ٢٠١٩/٩/١٩ کە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**٢-** لە کاتی بوونی هەر گرفتێك لە بەرهەمەکە، وەزارەتی تەندروستی بەپێی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ساڵی ١٩٨١ هەڵدەستێت بەڕاگرتن و دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمەکەی لە کۆگا و کۆکردنەوەی لە بازاڕ تاکو لە ئەنجامی لێکۆلینەوە دڵنیا دەبێت لە هەموو ڕوویێك سەبارەت بە بەرهەمەکەی.

**بەشی شەشەم:-**

١- کار بە هیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ مادده و بڕگەکانی ئەم ڕێنمایە.

٢- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ هەڵدەوەشێتەوە کاری پێناکرێت.

٣-ئەم ڕێنمایانە جێبەجێدەکرێت دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان).

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**